# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕێگاچارەیەکی دروست و ئینسانی

عرفان کریم

26.11.0

هەوڵەکانی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان رۆژ ڕووی لەدوای رۆژ لەگەشەو پەرەسەندنە , بەگەڕخستەنەوەی ئەم کەمپینە لەم بارودۆخە سیاسیەی ئێستادا کە عێراق وکوردستان پێیدا تێپەردەبێت دەکرێ لەئاستی عەمەلی و ئینسانیەوە وەکو هەنگاوێکی واقیع بینانەی مێژوویی چاوی لێبکرێ. گرنگی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان زەرورەتەکەی لەم کاتەدا زیاتر خۆی دەسەلمێنێ و دەبێ بەواقعیەتێکی دروست کەدەبینین وا بەئاشکرا ئەحزابە ناسیوناليستەکانی کورد بەتایبەت (یەکێتی وپارتی ) بۆچەندەمین جار بانگی شکست وئیفلاسی سیاسی خۆیان دەدەن و وەکو پیشەی هەموو جارەیان پشتیان لە خەڵکی کوردستان کردوە و گوێی خۆیان لەبەرامبەر خواستی ئەم خەڵکە بۆ سەربەخۆیی و جیابونەوە کەڕ کردوە و بریاری گەڕانەوەیان بۆ ناو باوەشی حکومەتی مەرکەزی واتە حکومەتەکەی ( عەلاوی ویاوەر) داوە کە پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لە چەندین دەستەو تاقمی ناسیونالیستی عەرەب و ئیسلامی سیاسی وە بەتوندی دژ بەمافی دیاری کردنی چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستانن لەرێگەی ریفراندۆمەوە و رەفتاری کۆنەپەرستانەی ئەم حکومەتە لە یەکەمین رۆژی دامەزراندنی یەوە لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری سەربازی ئەمریکاوە هێرشی سەربازی یە بۆ سەرشارەکان و بۆردوماندکردنی گەرەك و شوێنی ژیانی خەلکی بێگوناهە بەهاوکاری هێزە سەربازی یەکانی ئەمریکا وە ئەمە دەیسەلمێنێ کە ئەم حکومەتە دەسەڵاتێکی سەربازی سەرکوتگەرە و دژ بەهەموو جۆرە ئازادی یەکی سیاسی یە لە عێراق و کوردستان دا. هاوکات ئەوە مەسەلەیەکی رۆشنە کەئەم رەفتارو هەڵوێستانەی (یەکێتی وپارتی ) شتێکی تازە نی یە لەکارنامەی ئەم دووهێزە کۆنەپەرستەدا و ئەمە جاری یەکەم نی یە لەم جۆرە کارانە دژ بەخەڵکی کوردستان ئەنجام بدەن و پێ بنێن بەسەر خواست و ئارەزوەکانی خەڵکی داو باوەش بکەن بەرژێمە فاشیستەکاندا, چونکە لەڕاستی دا ئەم حزبانە هیچ کات لەپێناو کۆتایی هێنان بەزولی قەومی کاریان نەکردوە و بۆیان مەبەست نەبووە کە خەڵکی کوردستان لەم مۆتەکەیە رزگار بکەن , بەڵکو هەمیشە ئەم مەسەلەیەیان وەکو وەسیلەیەکی فشارهێنان بۆسەرحکومەتی مەرکەزی بەکارهێناوە لەپێناو بەدەستهێنانی چەند پلەوپایەکی دەسەڵات لەوەزارەتەکان دا هەروەکو چۆن ئێستا لەنمونەکانی(بەرهەم سالح وهۆشیار زێباری ) دا دەبینرێن . ئەم ناوەرۆکە فێڵبازی و دژی ئینسانی یەی ئەم حزبانە بۆ خەڵکی کوردستان دەبێ رۆشنتر ببێتەوەو ببێت بەهەقیقەتێکی مێژوویی وە چیتر بەفریوی درۆو ساختەکاریەکانی ئەم حزبانە سەبارەت بە(هەڵبژاردن وفیدرالی ) بەلارێدا نەبرێن و لە نێو تەپەتۆزی سەرگەردانی سیاسی ئەم حزبانەدا نەکرێن بە قوربانی سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی تر کەئەنجامەکەی بەپلە دوو دانانی خەلکی کوردستانە لەچوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومی دا. بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەك لەگەڕانەوە بۆ ژێرسایەی حکومەتێکی ناسیونالیست وئیسلامی دانی یەو هیچ کات ئەم حکومەتە ناتوانێ ئاواتەکانی خەلکی کوردستان لە ئازادی وسەربەخۆیی دا بێنێتەدی وزەمانەتی بکات , بەپێچەوانەوە ئەم دەستەو تاقمە کەهێشتا بەتەواوی کورسی حکومەتەکەیان لەقە لەقێتی و جێگیر نەبوە لەزمانی سەرۆك عەشیرەتێکی دواکەوتووەوە (غازی یاوەر ) بەئاشکرا حاشای لەمافی خەڵکی کوردستان کرد بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی وە بەهەڕەشەی جەنگ و هێرشی سەربازی وەڵامی ئەم خواستەی خەڵکی دایەوە . هەربۆیە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان تەنها ڕێگاچارەی دروست و ئینسانی یە کە تیایدا خەڵکی کوردستان دەتوانن ئازادانە چارەنوسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن ولەهەمان کاتدا وەڵامێکی توندی دەمشکێنانەیە بەو بانگەوازە فاشیستانەی (یاوەر)و دەستە و تاقمەکەی . بەهێزکردنی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشداری کردنی راستەوخۆی خەڵکی کوردستان لەم پرۆسەیەدا ئەرکێکی ئینسانی وپێشرەوانەیە لەڕاستای کۆتایی هێنان بە زوڵمی قەومی و سەرگەردانی سیاسی وە بۆ بەدیهێنانی دوارۆژێکی ئاسودەو بەختەوەر بۆ خەڵکی کوردستان .